## دەستەی ئاماری هەرێم هەواڵێكی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە ئەنجامە سەرەكیەكانی ڕووپێوی كێڵگەكانی پەلەوەر، 2013 دەردەكات

**888 كێڵگەی مریشكی گوشت لە هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2013 بەرهەمیان هەبووە:**

لە كۆی گشتی 1179 كێڵگە ی مریشكی گۆشت، 888 كێڵگە بەرهەمیان هەبووە، %38.9 لە كێڵگەكان دەكەوێتە پارێزگای سلێمانی و %37.6 دەكەوێتە پارێزگای هەولێر و %16.9 دەكەوێتە پارێزگای دهۆك و %6.6 دەكەوێتە ئیدارەی گەرمیان.

**نزیكەی 42.2 ملیۆن مریشكی گۆشت لە كێڵگەكانی هەرێم بەخێوكراوە كە زۆرینەی دەكەوێتە پارێزگای هەولێر:**

ژمارەی مریشكی گۆشت لە هەرێم 42,199,390 مریشك دەبێت، %49.2 دەكەوێتە پارێزگای هەولێر و %30.5 دەكەوێتە پارێزگای سلێمانی و %19.7 دەكەوێتە پارێزگای دهۆك و %0.6 دەكەوێتە ئیدارەی گەرمیان، ڕێژەی مریشكی مردووە لە هەرێم دەگاتە %16 كە دەكاتە نزیكەی 6.5 ملیۆن مریشكی مردووە لە سەرجەمی مریشكی بەخێوكراو.


**نزیكەی 2150 دینار تێكرای تێچوونە بۆ بەرهەمهێنانی یەك كیلۆگرام لە مریشكی گۆشت لە كێڵگەكانی هەرێمی كوردستان:**

تێكرای تێچوون بۆ بەرهەمهێنانی یەك كیلۆگرام لە مریشكی گۆشت لە هەرێم 2149 دینار دەبێت، هەروەها تێكرای داهاتی یەك كیلۆگرام 3139 دینار دەبێت، كۆی گشتی تێچوونی كێڵگەكان لە هەرێمی كوردستان نزیكەی 258 ملیار دینار و داهاتەكەی نزیكەی 281 ملیار دینار دەبێت.

**%35.2 لە بەرهەمی گۆشتی مریشك لە هەرێمی كوردستان لە كێڵگەكانی پارێزگای هەولێر بەرهەم دەهێندرێت:**

بەرهەمی كێڵگەكانی مریشكی گۆشت بۆ ساڵی 2013 لە هەرێمی كوردستان 99,368 تۆن دەبێت، كە زۆرترین بەرهەمی دەكەوێتە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی 35.2 %، پارێزگای سلێمانی بە ڕێژەی 33.9 %، پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی 20.8 %، و ئیدارەی گەرمیان ڕێژەكەی 6.1 % بەرهەمی گۆشتی مریشك لە هەرێم پێك دەهێنن.

**ڕێژەی كرێكاری كێڵگەكانی پەلەوەر لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بە پێ ی ڕەگەزنامە لە ساڵی 2013:**




**بەرهەمی 5 كێڵگەی مریشكی هێلكەی خواردن لە هەرێم دەكاتە نزیكەی 250 ملیۆن هێلكە:**

لە هەرێمی كوردستان 5 كێڵگەی مریشكی هێلكەی خواردن لە ساڵی 2013 كاریان كردووە كە بەرهەمەكەی نزیكەی 250 ملیۆن هێلكە دەبێت، زۆرترین بەرهەم دەكەوێتە پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی %43.2، پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی %31.3، پارێزگای سلێمانی بە ڕێژەی %25.5 بەرهەمی هێلكەی خواردن لە هەرێم پێك دەهێنن.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بكەن بە:
**ژمارەی تەلەفۆن:00964662559170**
Contact@krso.net
www.Krso.net